# دڵۆپێک لە هەتاو



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# دڵۆپێک لە هەتاو

**شیعر**

**تیشکە محەمەدپوور**



کتێب: دڵۆپێک لە هەتاو
نووسینی:  تیشکە محەمەدپوور
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٨٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٤٣٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

## چەند وشە

بۆ دایکم کە ناتوانێ بیانخوێنێتەوە،
بۆ باوکم کە زۆر جاران تەحەمولی سەرەڕۆییەکانی منی دەکرد،
سوپاس بۆ تۆ کە...

## دڵۆپێک لە هەتاو

دەگەڕا
بەناو کۆڵانە فەرامۆشکراوەکانی شاردا
دەلەرزین
دەستەکانی لەژێر باڵیەوە،
نیگاکانی
برینی سەر دیوارەکانی
دەتزاندەوە
کزکز.
چەند ڕقی لە باران بوو
پینەی پێڵاوەکانی هەڵوەشابووەوە،
دەگەڕا
بەدوای خۆردا
پێیە ماندووەکانی گەرم بکاتەوە
لە گەڕانی دەخست
سەرما و تەرزە،
لێی دەتلاندەوە
وردەنانی گیرفانی.
کاتێ لە دەرگا ئاسنەکانی دەدا
وەخەبەری دێنا
دڵی خەوتووان.
کە چاوەکان



دەڕژانە سەر پێڵاوەکانی
روانینێک
جەستەی شەڵاڵی شەرم دەکرد.
دەستی دەگرتەوە
بەبێدەنگی،
خەونی دەدیت
بە ژیانەوە
بە دڵۆپێک هەتاوەوە.

## مێژووی بێدەنگییەک

نەرمم وەک دڵی بەرد
ڕەق وەک پەمۆ
گەرم وەک هەناوی بەفر
سارد وەک دڵی ئاگر،
کاتێ تەرزەی گوناه
سەری گوڵەکانی بڕی
وشە بێدەنگەکانی تواندەوە
هیچم نەگوت.
سەرەتا
بە زامی منەوە دەتلایتەوە
گرانای ئەم زەمەنە
لە ناو خەونەکانی تۆدا ناژی،
باڵەکانت وێک نێ
لە فڕین گومانت هەیە و
لە نیشتنەوە ترس،
لە سوکیی ڕۆحی خۆم و
قورسی دڵی تۆدا
نەوایەک نەبوو بۆ حەسانەوەی
ڕەنگە شەکەتەکان،
کاتێ دەڕشایەوە
نیگای زبرت



بەسەر جەستەی نەخاراوی مندا
هیچم نەگوت.
کۆتایی بە پەیژەی خۆشەویستیدا
سەردەکەوێ،
پەنجەرەکەت واڵاکە
هەتاو گەرەکیەتی
بشواتەوە
تاریکاییی ناخت.

## باڵەکانی ئەوین

باڵی یەکەم:
خۆشت بوێم!
سیمای ڕەنگەکان نەشێوێ،
شەپۆلەکان دەریا جێ نەهێڵن
گەڵاکانی پەنجەم
لە باخچەی دەستەکانتدا
هەڵنەوەرن
باڵاتم بۆ بکە بە سێبەر
دڵت بە جۆلانە
با گۆمی دڵنیایی نەشڵەقێ.

چاوەکانم پڕ پڕن لە تۆ
دەترسێم
لێم زویر بیت و
بێ بینایی بم.
کۆترێکی ڕەنگ ئەرخەوانیم
هێلانەیەکم لەنێو دەستەکانتدا
بۆ دروست بکە،
بە ئاوریشمی خۆشەویستی
دامپۆشە،
با باڵ نەکرێم،



لە چواردیواری نامۆییدا
با دڵم نەمرێ.

باڵی دووەم:
تۆ سەراپات عەتری سۆزە
سەوزاییە،
چاوەکانت شەڵاڵی گەرمی ئەوینن
لێوەکانت دڵۆپ دڵۆپ
شەرابی ماچیان لێ دەتکێ
لە خۆشەویستیت تێرنابم
بە نهێنی نیگاکانت پێیان گوتم
لەنێو دڵتا کانییەک هەیە
حەز لە جریوەی چۆلەکە
نەرمە سروەی دەم بەیانی
سەما لەگەڵ کەزیی هەتاو
سێبەری باڵای چنار دەکا،
من سەراپام تینوێتییە
بە شەونمی
سەر گەڵای پەنجەکانت
تێرئاو دەبم
من ژنێکم سەراپام تەنیاییە
لەنێو تۆدا
لەم دەیجورە ڕەها دەبم.

## تەختە ڕەشەکان

دیوارەکان بێدەنگییان شکاند
سەدەی بەردەکان
تێپەڕی
دایکم فرمێسکەکانی
سڕیەوە
دەستەکانی لە ئەژنۆ
بەردان.
کچە عازەبەکانی شار
چارشێوەکانیان سووتاند،
ڕەدووی گراویی دڵیان کەوتن.
بە وشە تینووەکانی دەروونی کچان
سپی سپی بووەوە
تەختە ڕەشەکان
هەموویان بەیەکەوە دەڵێنەوە
"دارا دوو داری دی"
هەموویان لە دایکبوون
ئەمڕۆ.



## گوڵە یاخییەکانی ڕۆح

لە بێدەنگیدا
چرایەک
کزکز دەسووتا
لە تارماییش
فتیلەی هەناسەیەک
دەکوژایەوە،
بایەکی نەرم
بە شەرمەوە
لقوپۆپی چنارە بەرزەکانی
ماچ دەکرد،
بە ڕوومەتی زەمەنەوە
جێ پەنجەی خەونێک
کاڵ دەچووەوە
دەرژانە کۆشی زەوی
ئاونگەکانی هەتاو
لە لێوی چڵەکانەوە.
گوێم لە خشپەی پێت بوو
بە نێو سێبەری دارستانەکەدا
تووڵەڕێییەکت بڕی،
لەگەڵت پێ دەکەنین
ڕەنگی کاڵ و تۆخی

گەڵاکانی ژێر پێت.
لە سیحری ڕۆیشتنت نەگەیشتن
نەگەیشتم.
دارستان ڕووتبووەوە
پەلکەکان بوون بە خۆڵ
هەتاو کەسیرە بوو کەچی نیگاکانم
ئێستاش بۆت دەگەڕێن
تاسەت دەکەن
دەڵێن دەگەڕێیەوە.



## ئایەتە شەیتانییەکان

لە تراویلکەدا سەوز بووە
شەوان لەناو دووکەڵی تەنیاییدا
دەخوێنێتەوە
بەختی ئەستێرە دوورەکان،
دەپسێنێ
زنجیرەکانی حاڵیبوون
قەف قەف.
دەسووتێ
لە پەنایەوە
لە سوێبانووی ڕۆحیا
ژیلەمۆیەک وەک تروسکایی تاریکن
گەش گەش،
لە خۆی ڕادەمێنێ
لە قەراغە شکاوەکانی ژیانرا،
دەدڕێنێ
توێژاڵی تەنکی دڵنیایی،
دیوارەکانی بێدەنگی
لێواولێویان کردووە لە گومان
دەپرینگێتەوە لە پرسیارە ئاوسەکان
لە وەڵامە سواوەکان
بۆ تانوپۆی خۆی دەگەڕێ

لەناو جەنجاڵییەکانی مێژوودا،
هەڵواسراوە
وەک شەونمی شەرم
بە ڕایەڵەکانی جاڵجاڵۆکەی بیردا،
لەناو تونێلە تاریکەکانی نەریتدا
هەموو ڕۆژێ تەرمی نەمامێک
دەنێژێ
غرووری شەپۆلێک
بە کەنارەکانی بیرچوونەوە
دەسپێرێ،
سەر وە بەردە ئیسفنجییەکانی
بێباوەڕی دەکا و
بە پەرژینێک یاساوە
بۆ هەبوونی خۆی دەگەڕێ
لە "ئایەتە شەیتانییەکان"[١]دا.

(١) ناوی یەکێک لە کتێبەکانی سەلمان ڕوشدییە.



## ئاژاوەی شەقامەکان

بەیانیان
جەستەی سارد و سڕی
کۆڵانە کوژراوەکان کۆدەکەینەوە
دەڕوانینە
باخچە سەربڕاوەکانی شار،
بەردەکانی نەفرەت
لە چاوی خەواڵووی
کانیی ژیاندا دەدۆزینەوە
دەست و پەنجەی هەڵوەریوی
مێیینەکان بەخاک دەسپێرین،
لە بێدەنگی زیاتر
تارماییەکی تر بەدی ناکەین،
دەرگاکان گشتیان داخراون
پەنجەرەکان کونبڕکراون
لەناو دڵی دیوارەکاندا
گوێمان لە ناڵەی هەتاوە
کە دەڕژێتە سەر تنۆکە تاریکەکانی
ئازاری خاک،
خۆڵەمێشی چاوەڕوانیمان
بە بێژنگی زەمەندا دەکەین و
لوێچێ لە نیگەرانی

دەخەینە کەشکۆڵی
برینە پڕ لە سوێییەکانی قەدەرەوە
بۆ ئاوپرژێنی تینوێتیی
ڕوانینە
هەرگیز بە مەقسەد نەگەیشتووەکان،
ڕایان هێنایین
هەموو بەیانییان
شەقامەکان پڕکەین لە ئاشووب و
دەمی شار دابخەین،
ڕایان هێنایین
لەناو چواردیوارەکاندا
لە دایک بین
بچووک ببینەوە
بمرین.



## دابڕان

لەوەتەی لە تۆ بڕاوم
زەمەن وەکو خەزان وایە
هەموو ڕۆژێ
لە ڕەگەوە سەوز دەبم و
لە لق و پۆپدا دەوەرم،
لە ژێر سێبەری مانگدا دەخەوم
لەگەڵ تینوێتیدا
خەون بە ئاگرەوە دەبینم
لە جێی باران.

## خەو

شەو درەنگانێ
لەناو دەستەکانی تۆدا
دەخەوم،
بەیانیان
بۆ پۆشینی
کراسە ئاڵەکەی هەتاو
وەخەبەر دێم
لە ناو جریوەی چۆلەکەکاندا.



## هۆزەبانەی شەرمێک

لەدایکبوونم
لە جەنگەڵستانی ڕۆژهەڵات
نەشتەری شەرمێکە
هەموو ڕۆژێ دایکم
بە هەنیسک و ئارەقە دەیبارێنێ
بەسەر گیانی مندا،
هەڕەشە و غرووری باوکم
ترسێکە
چرکە چرکە
دەڕژێتە ناو دەروونمەوە
لەگەڵ مندا گەورە دەبێ،
لە جوغرافیای جەستەمدا
دەکێشێ
نەخشەی ئابڕوو
بە چەند دڵۆپە خوێن.

## گوناه

چەند بێگوناهم
وەکوو شەیتان
وەکوو خواکان،
هەزاران ساڵە
گوزەر دەکەم
بەناو مێژووی خۆمدا،
دەگەڕێم
بۆشەیتانییەتیی خۆم و
خواوەندییەتیی تۆ.



## داتاشینی بزە

چ هەژانێکە
ئەم هیجرەتە
لە تۆفانی ئەم غوربەتەدا
وشەکانم
بۆنی تەنیاییبیان لێ دێ،
دەتەزن
یەک یەک
بەستەکانم،
لە باڵەفڕێ دەکەون
قەنارییەکانی سروود
بەڵام،
چاوەکانی تۆ
داوای گۆرانی دەکەن،
ناترسی
بەیانییەک
پێش خۆرەتاو
قەسابەکان بێن
توێ توێی بزە
هەڕاج کەن.

له دوو هێڵی تەریب دەچین
شۆڕدەبینەوە
بەناو کاتدا
تۆ له خاڵێک دەگەڕێی
بۆ یەکتر برین،
من له خاڵێک
بۆ یەکگرتن.



## پاکبوونەوە

ئەمە بارانە
یان لێزمە فرمێسکی دایکمە
گوناهەکانی جەستەم دەشواتەوە؟
جەستەم
شەلاڵی گوناهـ و
رۆحم
لێواولێو له تاوان،
دەفری دڵم
پڕە له هەوەسی پیاوە نەوسنەکان
نیگام
لێوڕێژە له ڕوانینی قەدەغەکراو
دەستەکانم
کون کونن
بە بزماری پەنجەکانیان
لێوەکانم
شیتاڵ شیتاڵن
بە زبری ماچەکانیان.
ئەمە زریانە
یان هەناسەی خوا
پەڵەکانی سپێتیی ژیان دەسرێتەوە؟
لێوەکان

چەند درۆزنانە دەجولێین
زمان
چەند بەبێ شەرمی دەدوێ
نیگاکان
چەندە تاریکین لە بینیندا
ناتوانین
مەودای نێوان
بوون و نەبوون بدۆزینەوە
ناتوانین
لە گوناهەکان پاک بینەوە.



## کێڵگەی مەحاڵ

چ نابینم
لە پەنجەرە تاریکەکانەوە، چ نابینم
کۆشکە شووشەبەندەکان
دڵیان گوشیم
جەستەیان کردم بە بووکەشووشە
تارماییی ئەو دەستانەی
پەڵە پەڵە
گیانی سرکم کەوی دەکەن
لێم نابنەوە،
وەرە لەگەڵ خۆتم بەرە
رۆحی ئەوان پڕە لە نامۆیی
چاوەکانیان لە نیگەرانی
لەزەلکاوی بیریاندا
ماسییە زەرد و سوورەکانی حەزیان کوشتم
گۆرانییەکانیان سەربڕیم،
بمبە بۆ ناو دەریا
با لەسەر پشتی شەپۆلەکان
لە ناو نوێنی ماچدا بخەوین.
چەندە ماندووم لەناو ئاپۆڕەی درۆیەکان
بمبەوە بۆ رۆخی حەسانەوە و
بە نێرگزەکانی دڵنیایم ئاشناکەوە

بمبە لەگەڵ خۆت
گوڵە دۆزەخییەکم
لە کەنارە سەرابییەکانی بەهەشتدا
نارِوێم،
لە کێڵگەی مەحاڵدا نەبێ
باڵا ناکەم.



## سەمفۆنیای تێپەڕین

تۆ هەموو ڕۆژێ
پارچەیەک لە سەمفۆنیای ئاوابوون
لە توێی نیگەرانیی ماڵەکەی مندا دەنێژی
ئەو ساڵانەم بۆ کۆنەکرانەوە
کە بە ساردییەوە
بەلاماندا گوزەریان کرد،
ژێی ئەو هەموو دەنگانەم ژەنی
کەچی گۆرانییەک نەچڕا
بۆ گەڕانەوەی چرکە خاڵییەکان لە ڕووداو،
لە ئاپۆڕەی تەنیاییی شەوەکان
ئاژاوەی بێدەنگی و
کشوماتیی ڕۆژە قەترانییەکان
وەڕەز بووم،
لە ڕابردوو هەڵدێم و
داهاتووش بەجێم دێڵێ
گەرماییی زەمەن هەست پێ ناکەم
کە دەپێستی گیانم دەزێ
روئیاکانم دەشواتەوە،
لە ناو ئێستادا چەند ونم
لەسەر لەپی ڕووتی خەونەکان
وەنەوز دەدەم،

من!
له دەرەوەی کاتەکان
لەتۆ دەڕوانم
هەستت پێ دەکەم،
لەودیو سنووری ماناکان
خۆشم دەوێی.



## لێک ترازان

گەرەکمە تێکەڵاوی تاوێرەکانی
جەستەت بم
تارماییەکانی سەردەمی ترسی منداڵیم
بتوێنمەوە
لەگەڵ گەردیلەکانی هەناسەی ڕۆحت
ئاشنا بم
له سەهەنی سیحرت بگەم،
ئاخۆ تۆش
کڕیارێکی بۆ گیانی من
یا فرۆشیارێکی
بۆ هەراج کردنی جەستەی نەخاراوم؟!
هەروەک مناڵی که ڕایان هێنام
داوێنی خۆم لێ بەلاَبێ
چەند دلۆپە له ئابڕووی کۆمەڵگەش
خۆی به خەونی بێ ئاگای منەوە هەڵواسی،
هەر بۆ ئەوەی
تا مردنم
له ترپەی دڵ
له خشپەی پێ
له ڕاچڵەکانی
هەوەسی نەوسنەکانی وەک خۆم مرۆڤ

بترسێم و
لە ئاڵقەبەندی حوکمەکانیاندا نەترازێم.
گەرەکمە!
لە سەحەری عیشقێکەوە
قفڵی زمانە بەستراوەکان
بکەمەوە،
دەمهەوێ
لە ناو تۆدا
گوێم لە ترپەی لێدانی دڵم بێ
خۆم لە تۆدا
بدۆزمەوە.



## هەناسەکانی ئاوابوون

لە پۆلی دارگێلاسەکانەوە هێشووی ڕوانینی
دەلەرییەوە
دوور دوور بۆ سنووری ئەودیو دەیڕوانی
لە ژووری تەنیاییەکەیدا
پیاڵەیە چای نیوە خواردراوە
سیگارێکی دوو مژ لێدراوی کوژاوە
ختووکەیان دەدا،
چەند حەرفی سەوز
لە دووتوێی دەفتەرە کراوەکەدا
پێ دەکەنین،
کڵۆقەندێک مێرووڵە شەکەتی کردبوو
چەند پۆلە وشە
لە کەناری بێدەنگیدا هەڵنیشتبوون،
دیوارەکان شەرمیان لێ دەکرد
دەرگاکان دەپرینگانەوە
باران لە دەرێ چاوەڕوان بوو
کەچی بەلایدا تێپەڕی و نەیناسییەوە.
لە یادمە، لە خۆرئاوایەکدا
بە ئارامی پێڵوەکانی وێک نا،
چوار تاڵە تیشک لە پەنجەکانی هاڵا بوون
کاتێ بەو هەورانە پێ دەکەنی

که بۆ ئەو دەگریان.
لەگەڵ هەتاودا خەوت
لە پشت ڕەشاییی ئاسمان،

نە خوا پێ دەزانێ
نە زەویش
گەلیی کچێنی دەکات.
کۆتای نەدەهات
ئێوارەی ئاویلکەدان
لە بەفری چاوەکانیدا.



## گوڵە قەقنەسییەکان

تەنیاییی گوڵە قەقنەسییەکان و
پەرش و بڵاویی داوێنی هەرزەکاری،
بزۆزی دڵی بەردەکان و
گەرماییی چنارە شۆخەکان
سەهەنی تیرۆژوەکانی
مێژووی قەرەجێتیی خۆم
بردیانمەوە.

سەردەکەم بە قاپیەیی ڕەشاییی چرکەکاندا
وشەی شکاوی ناو دیوانە خەوتووەکان
کۆدەکەمەوە،

حەرفەکانی نەخشەی کۆڵانێکی داخراو
بەسەر لەپی گەوجێتیی شاردا
تەڕ دەکەن
توێی تەنک و دڵنیاییی خەونەکانم
تنۆک تنۆک.

ئەستەمیی گوێ گرتن لە بێدەنگی
پەیڤین لەگەڵ تابلۆکان
وازی کردن بە چرکە میهرەبانییەکانی شەڕ

خوێندنەوەی بۆشاییییەکان
بردیانمەوە
بۆ ئەوێ
بۆ بەستێنی پەتای گومانەکان
پانتاییی پەنگری هزرە کوژراوەکان،
بۆ تاڵ تاڵی ڕەنگەکانی دەیجووری خوا
هێشووی لەززەتی باڵندە پێکاوەکان
بۆ ماندوویەتیی چاوەڕوانیی فرسەتەکان،
ئاشووبی دەنگەکان
بزەی بەیانیی گوڵەکان
قۆستیانمەوە.



## بۆ قەیرەیەک

هەرچی دەکەی بۆت ڕام نابێ
لە قۆقزی چاوەکانی ڕادەمێنی
ئەو چاوانەی قەت نەشڵەقیون
ئەو دوو گۆمەی قەت نەخەوتوون.
دڵی فنجانێکی دیش بخوێنەوە
ئەگەر حەرامیش بێ،
ئەو هەموو کاسەسەرانە، لە ناخت دەربێنە،
چەندین بەهار تێپەڕین
مشتێ ڕووناکیت دەست ناکەوێ
پەنجەرەیەکت بەس نییە بۆ دیتن
لەپی دەستێکی تریش لێک دەوە
بەختی قاوەیەک بخۆرەوە
گوناهیش بێ، ئەگەر.

## بەسەرهاتێک

ئای لە تەنگەتیلکەی خواکان
تەپوتۆزی مێژوویەکە و
هەموو ڕۆژێ لە شان و پیل دەنیشێ،
لەودیو بەربەستەکانی مێژووەوە
ئەو هەموو هەزار ساڵانەی
لە کۆشیدا ڕام کرد و
ئەو هەموو گەرای ئەستێرانەی
لە چاویدا چاند،
ئای لە جنسی لە خۆی بەدتر
شەنگ و شۆری ماسییەکە
هەر چرکەیە و لە حەوزی تامدا دەیکوژێ،
ئەو لەوپەڕی تراویلکەیی تاپووکاندا
لە تاریکیدا
هەتاوی ڕووت کردەوە و
ئەو هەموو بەیاری دڵانەی
کردە زەنوێری ئاوەدانی
ئای لە سپڵەیی
لە برینی بوونی قوڵتر،
ئای لە تەنگژی مەوداکان
لە شەتاوی خوێنی ساردتر.



## زەنگی تەلەفۆن

لەوسەری خەت، دەنگێ دێ
پێکەنینێک، تەماشایەک
پشوویەکی نەرمی تاسە
تەزووی گەرم بە لەشی سڕما دادێنێ،
قەدەرێک بوو
ماڵ تەنیایی نەدەشکاند
چراکان دانەدەگیرسان
تەنیا چرپەیەکیش چییە
شکم نەدەبرد
ئەم بێدەنگییە چی بوو درزی دا
ڕووبارێک تینوێتی پێدا هەڵەڕژا،
کەوتم، دڵم کەوتە ناو دەستەکانت،
چ پاشایەکی مهرەبان بووی
بە کۆڵانە تەم لێنیشتووەکانیدا گوزەرت کرد
چ گەورەیەکی دەست ئاوالا بووی
چەند کێوت تێدا داگیرساند.

# تاسە

تاسەت دەکەم
پەڕ بە پەڕی ڕۆحت گەڕام
ناتبینمەوە
گوێچکەم بە سوێبانووی بەیاندا کردووە
چاوەڕێتم کەی زەردەت دێ؟
بە بارتەقای تەنیاییەکان بیرت دەکەم
چەندی تر خۆشم بوێی
کاتێ لێواو لێوم لە تۆ،
ئەگەر بەهارانەیەکیش بێ پێم بڵێ
چەند وەرزی تر هەڵوەرێم
چەند بارانی تر تەنیا بم؟!



# بەفرەخەون

لەودیو پەنجەرەی منەوە
بەفر دەگری
هەموو گیانم بۆنی سەرما دەگرێ
لەگەڵ بەفرا چەند جار خەوتووم،
یەکەم جاریان
خەونم بە بووکەوە دی
دووەم جاریان
بە مناڵە پێخواسەکەی بێوەپیاوەی جیرانمان،
یەک دوو جاریش
دڵم فڕی
بۆ کێوەکان
و مامزەکان
بۆ ئاگر و گەنم.

## مردنێکی پەمەیی

گوڵەکەی سەر سنگی
لە مێژووی تەماوییی مرۆڤێک دەچوو
کە قەت لەگەڵ بادا هاوڕێ نەبووە
قەت لەگەڵ خۆردا سەفەری نەکردووە،
لە مێژوویەکی بێ وشە و ڕووداو کات دەچوو.
گوڵە پەمەییەکەی ناو دەستەکانی
لە چاوە لێڵەکانی ئەو ژنە دەچوو
کە قەت دێڕێک بەختەوەریی نەخوێندووەتەوە
ڕستەیەک بزەی نەدیوە.
گوڵەکەی سەر سنگی لە ناو دەستەکانیدا
لە زەمەنی ئاویلکەدانی باڵندەیەک دەچوو
لەو هێلانەیەی کە هی خۆی بوو، هی خۆی نەبوو،
گوڵەکەی سەر سنگی
لە فڕینی ڕۆحێک دەچوو
بەسەر شەقامە ئاگراوییەکانی بیرچوونەوەدا.



## زەنگی کلێسا

دەنگی زەنگوڵەی کلێسا دێ
جارێکی تریش بەتاڵبوویەوە لە گوناهەکان
تۆ بۆ چەندەمین جارە تۆبە دەکەی؟!
لە ڕەنگەکان زویر دەبی و
لە لەززەتەکان هەڵدێیی،
چەندەمین جارە؟
ڕەدووی با دەکەویی و
لەوسەری کۆڵانی وێراندا
پەشیمان دەبییەوە
داوای ئاشتبوونەوە لە کپی دەکەی،
تۆ گیانی سرکی ئاو
چەندەمین جارە
بەڵێن بە شەپۆلەکان دەدەی؟
کەچی لەگەڵ مەنگیی دەریادا سەما دەکەی.
دەنگی زەنگوڵەی کلێسا دێ
تۆ بۆ چەندەمین جارە
شەڕەکانی خۆت بۆ خوا باس دەکەی؟
باس لە هەموو سەرکەوتنەکان
ئازایەتییەکان
حەقەکان
دەسەڵاتەکان دەکەی.

تۆ بۆ چەندەمین جارە
ژێرکەوتنەکانی خۆت دەشارییەوە؟
باس لە کوژراوەکان
وێرانییەکان
دۆڕاندنەکان
تەنیا مانەوەی خۆت بۆ خوا ناکەی.
تۆ بۆ چەندەمین جارە
گوناهەکانت دەشۆیەوە؟



## ساتێک

کۆڵان پڕە لە ڕووناکی
شەو لە ئامێزی سەرمادا گڕۆڵە بووە
تۆ لەو ژوورەی قەت ناتوانی
تێیدا پێ بکەنی
بگری
ڕووت بیتەوە
ڕەق هەڵاتووی.
تۆ پەردەی پەنجەرەکەت دادەدەیتەوە
کاتێ مەلەکان بەوێدا پیاسە دەکەن
تۆ لە بزەی کۆڵان دەترسێی،
تۆ لەو ژوورەی قەت تێیدا
ئارام ناگری
ژاوەژاوی کەلوپەلەکانی
کاسیان کردووی
سەمای ئەو شتومەکە بزۆزانەی
هەموو گەردیلەکانی هەوای
ژوورەکەتیان داگیرکردووە
وەڕەزیان کردووی،
تۆ دەستەکانی خۆت ناناسیتەوە
کاتێ ئەو شتومەکە ئۆقرە لێ بڕاوانە
کپ دەکەیتەوە
چەندە نامۆی بە ژوورەکەت
چەند هەست دەکەی بە بۆشایی.

## چرکەکانی نیشتیمان

لێرە!
لە ناو دڕکەزاری بێ ئۆقرەییدا
گوڵە وەنەوشەیەک
لە یادەکانی تۆ دەچنم،
تۆی سەراپا
ڕەشپۆش
لە شایی ڕەهابوون،
سەوز
لە خەونە سەرابییەکان،
کاڵ
لە چاوەڕوانییە ئەبەدییەکان
داگیرکراو
وەک مێژووی ژنەکان.
لێرە!
لە قەرەجێتیی خۆم دەفکرم،
چەند ئەستەمە
زمانێک نادۆزمەوە
بۆ حاڵی کردنی دەوروبەرم
بۆ لێدوان
لە سرکیی خونچە مەئیوسەکان
لە دەردی دڵی خاک



لە گلەییی
درەخت و کانی و
ئاهی
ڕەزە سووتاوەکان،
تەم و تومانە دیتن.
لێرە!
زەمەن لە کەوشەنی مانەوەدایە
چرکەکان
لە کاولاشی دەڤەری من دەمرن.
ئەستێرەکان دەکوژێنەوە.

## لە سەدەی ٢١دا

تەنیای ئەی مرۆڤی تا لێوان
لە ئازاردا ون بوو
تا سەر ئێسقانی هیواکانت
لە وەڕەزیدا کاس بوو،
ئەی تۆکە سەراپات ژانە،
پەشیمانییە،
پڕکردنەوەی بێ مانی
خەتی سپی ڕۆژەکانە
کەی لەگەڵ مندا ئاشت دەبیتەوە
کەی ئاژاوە بەجێ دێڵیت؟
............
...
ئاسمانێک لە بێدەنگیدا شین دەچێتەوە
دەنگی نەرمی میلۆدییەک
بە گوێی سەوزاییدا دەزرینگێتەوە
هەوا فێنک
وەک هەناسەی گۆرانییەک
لێدانی دڵی تەری گەڵایەک
شەرمنی ئاونگێکی قەتیسماو
لە بوخچەی خونچەیەکی حەیاردا،
هەوا نەرم



وەک فڕینی ئەرخەوانیی نیگایەک بۆ سروە
چرپەی سوورهەڵگەڕانەوەی ئاو و تاو.
ئێوە!!
کەی لەکۆڵ دارستانەکان دەبنەوە
سێبەرەکان بەجێ دێڵن
ئۆغر دەکەن،
هەرا و هۆریاتان تەواو دەبێ
پێم بڵێن!
هاکا زەوی چۆڵ بوو
لە بزە
لە سەوزایی.

## جاری جاران

وەکوو جاران
پێ ناکەنم... ناگریم
سەر بە برینی خەودا ناکەم
دەستەکانم
قەت قەت ناجوڵێنم
پێیەکانم هەڵناهێنمەوە.
وەکو جاران
تۆ پێم ناڵێی
لە کەلاوەی جەستەی مندا
خەریکە ئەستێرەکانی ئیفلیجبوون دەخروشێن
قەدەرعەیامێکە
با لە پشت دەرگای دڵم دەدا و
تەزووی ئاڵۆزی حەزێکم وەخەبەر دێنێ،
لە گرمۆڵەبوونی ڕۆحم دەفکرێ
با لە شادیستان دەگەڕێ.
وەکو جاران
تۆ پێم ناڵێی
پەنجەرەکان دەکەینەوە و
با لەسەر لەپی دەستمان دەنیشێ
قەف قەف
مرواری ماچمان پێ دەبەخشێ.



قەدەرعەیامێکە
لە بەفرستانی دەستەکانی مندا
ئۆغژنی گوڵێک ناپشکوێ.
تۆ وەکو جاران
بانگم ناکەی
دێرە نیوە کوژاوەکان تەواو ناکەی
شەرمی بەستەڵەکی بێدەنگی ناشکێنی.

## بۆ مێلاقەی ناو منداڵدانم

گوڵە مێلاقە قژ سەوزەکە
لە وڵاتی ئێوە چەند کێڵگەی چاندن
چەند گەڵارێزانی ڕۆژەکان
چەند وەرزی
تورەبوون و هەڵقرچان هەیە؟
لە زەریاکەی نزیک وڵاتی ئێوە
ڕۆژانە
چەند ماسی لە تینوانا دەخنکێن؟



## خەونی حەرامی عیشق

سەر بە قەدەردا دەکا دڵم
شەو خەونم دی
لە ناو دەستەکانتدا مەلەم دەکرد
باسکەکانت بۆم کردەوە
چەند هەست بە نەرمایی ڕۆحت دەکەم
لە باوەشتا هەزاران مەلی ماچم
بەسەردا هەڵفری،
لەسەر لێوەکانتا
تامەزرۆیی ساڵانێکی درێژی بەوپەڕی گەیشتنم
شکاند.
خەونە ڕەنگ ئەرخەوانییەکەی تاسە شێتەکانم
من نە باران و
نە هەتاو و
نە بەفرم
بەقەت تۆ خۆش ویستووە
نە شەوێکی سەرمابردووی باوەشم
هێندە هەستی بە گەرمایی خۆری
لێوەکانت کردووە.
ئای لە خەونە شێواوەکەی
هەموو بەتاڵییەکانی تەمەنم.

## سەر زەویی باڵندەکان

دڵم بۆ ئەو کۆڵانانە تەنگە کە بزەی تێدا ناکوژرێ
دەنگی تێدا ناخنکێندرێ
نەفرەتی تێدا ناچێندرێ.
دەستەکانم بە شوێن ئەو شارانەدا وێڵن
کە باران دەیانپارێزێت و
خۆشەویستی فرمانیان پێ دەدا و
عیشقی تێدا بەردباران ناکرێ.
چاوەکانم بۆ ئەو هەسارەیە دەگەڕێن
کە هێشتا مرۆڤ گەرای تووڕەییی تێدا دانەناوە
پەلوپۆی دارستانەکانی نەسووتاندووە
زیندەبەچاڵی جوانییەکانی نەکردووە،
ڕۆحم شەکەتی دیداری ئەو وەرزەیە
کە بایەکەی، تۆوەکانی ئاژاوە دەگوێزێتەوە
بۆ بەندەرێکی دوور دوور
دوور لە سەرزەویی باڵندەکان.



## ناونیشانی ماڵەکەمان

دەستەکانی تۆ
پڕن لە بۆنی شەو
ڕۆحت لە تریفە
نیگات لێوان لێوی سپێدەیە،
لە ناو تیشکی ڕەزی ڕوانینتدا
بەرسیلەکانی گەرمایی دەگەن
پشکۆکانی بێدەنگی هەڵدەوەرن.
حەرفەکانی من
پڕن لە سەهەندی تۆ.
سەرنجە پەمەیییەکانی تووڕەیی
ئارامی باڵەخانەکانی ئاژاوە
شلکیی ئاخەکانی ناڕەزایی
چرپە ئەرخەوانییەکانی وتن
لێوڕێژیان کردین
لە بێدەنگی
تا سەر ئێسقانی هاوار
لە ڕق
تا قوژبنەکانی خۆشەویستی
لە گریان
تا دەربەندەکانی قاقا
لە ماندوویەتی

تا لێوارەکانی حەسانەوە.
بەتاڵیان کردینەوە
لە تەنکاییی گومان
قوڵبوونەوەی دڵنیایی
لە سەوزەڵانی هەرزەکاری و
هەڵپرووکانی ساویلکانەی چرکەکان.
ماڵمان لە کەناری مەحاڵدایە و
سێبەرە دزێوەکانی نیگەرانی لێمان ناگەڕێن،
ئاودەدەین
نەمامەکانی پێکەنین،
دەگرین
دەستەکانی تەنیایی،
ماچ دەکەین
دڵی غوربەت،
بۆ شیلەوتێنی بەیان
دەخۆینەوە
شەرمی فێنکی حەزێک.



## گەمەی پێوەندییەکان

باران تووڕە بوو لێم
کاتێ عیشقم جۆگەلە تەنگەبەرەکانی ژیانی
لێوڕێژ کرد
ئاراستەیانی گۆڕی
چرا تاریکەکانی داڵدەدانی داگیرساند.
دێتەوە بیرم
دانە دانە
زەردەواڵەی قاقاکانی
کاتێ شەو منی پێچاوە و
خۆشەویستی دەری کردم،
مشتێک پەپوولەی وتن لە چاوەکانمدا بوون
لە ناو پێڵوی لاڵبووندا جوانەمەرگ بوون.
بڕیارم دابوو پێی بڵێم
منالانە خۆشم دەویست،
دایکانە بۆی دەسووتام،
بابانە خەمیم دەخوارد،
وێنەی مریەم، پاکیزەییم بۆ دەخولقاند
کەچی
پەنجەرەیەک لە نەوتنندا شاردمییەوە.
دێتەوە بیرم
ملوانکەیەک لە ساڵە سەرسپییەکان

لوێچێ لە مانگە کامڵەکان و
کۆشێک لە ڕۆژە بەفرینییەکانی
بەر لە ئێستا
من و ئەو لە باخچەی ئاشنایەتیدا
وازیمان دەکرد،
ڕەنگە بارانییەکەی ئەو
دەشتە بەیارییەکەی ڕۆحی منی
ئاوپرژێن دەکرد
تاوێرەکانی تەنیاییی دەتلاندەوە.
باران ئاشتی کردمەوە
کاتێ جاڕی کۆمەرگیی جوانییەکانم دا،
دەرگاکانم گشتی داخست
زمانی هاوارم بڕی
هەتاوم کەسیرە کرد و
مناڵێتیم کوشت و
ئەفسانەی دایکە مریەمم گۆڕی.
ویستم وەبیری بێنمەوە
من شێتانە دەستم بەسەردا گرتبوو
عاشقانە ئازادم کرد.



## فانۆسەکانی غوربەت

فانۆسی ئەم غوربەتییە
پەرژینە گوڵانییەکانی کوشت.
لەوێ!
هەموو چاوەڕوانی
سەوڵەکەی دەستی ئەون
ئەو لە دەریاچەی عەدەمەوە
کەشتیی سەرابی دەئاژوێ
سەرەتاتکێی مەرگی شەپۆلی بوو
کەڵەکەکانی هیوای وەسەریەک دەنا،
من پێکەنین
سرشکم دەهات.
ئەو!
ئەفسانەی قارەمانەتییەکە
هەموو حیکایەتخوانانی ساویلکەیی
بەژنی بۆ دەچەمێننەوە،
پانتاییی ئەم بەتاڵییەش
شەکرەسێوەکانی وشە پڕی ناکەنەوە
من تارمایی
بیناییم داهات.
لەوێ!
دایکم سەرپۆشە بەفرینییەکەی

لە خۆڵ وەردەدا و
براکەشم گوڵە مێلاقە ئاگراوییەکان
لە سنگی براکەی ترم و
خوشکم دەدات.
باوکم بڕیاری
بارانی بارووتی دا،
ئەو بۆ وشکەساڵی و نەهاتی
زەویە بەیاریەکانی ئەوێ
ئەوێی ژیان
ئەوێی تاسە
حەوزی فرمێسکەکانی دایکم،
ڕووباری خوێنی گەنجەکانی
باخچەی دەوێ،
من هێشتا بە پێوەم
نووزەم دێ،
تۆفانی ئەم هەموو تینوێتییە
هەنارەکانی مانەوەی سەربڕی!!
لەوێ!
لە ناو ئەستووریی دیوارەکاندا
گوڵە ژاڵە ژاکاوەکان
ئەوانەی قەت دەنگیان نابینی
ڕەنگیان هەست پێناکەی
بۆنیان ناشنەوی



لە کوڵاوڕۆژنەوە هەتاو دەخۆنەوە
لەوێوە، دەخۆینەوە چیرۆکی
ئەندامی بڕاوی جەستە وەنەوشەییەکان
خۆڵەمێشی ئەو گوڵانەی بوونە قەقنەس
لاسکە نەرمەکانی ئەوەڵی ژیان
کە بە شەرمنی
لە کەناری ئاوەکاندا خەوتوون و
خەون بە گراوییانەوە دەبینن.
تەوارەکانیان هەڵفڕاند
لەوێوە،
من لەگەڵ تووڕەبوون
ئاشت دەبوومەوە.

## چەند جار ویستم پێت بڵێم

ڕامەوەستە!
وا شەپۆلەکان سەری دەریا دەخۆن
لەنگەر مەگرە!
با بەسەر پشتی هەورەکانەوە دەگری.
چەندین ساڵ بوو
دڵم نەدەهات پێت بڵێم ڕامەوەستە
وا خەریکە خوا دەمرێ
زەوی بێ دایک دەبێ.



## ڕۆژمێرە بەتاڵەکان

بازدان بەسەر ڕووبارەکان
بەسەر لق و پۆپی دارەکاندا
چەند ئەستەمە،
ویستم جارێ
دەستی منالێتیم بگرم
بفڕم بفڕم
بفڕم بەسەر
مێژوو و زەمەن و شوێندا،
ئاه
لەیادم کردبوو
منالێتیم، پێش ئەوەی لە دایک بێت
کوژرا بوو.
دەڵێم بازدەم
بەسەر مێژوو و زەمەن و شوێندا،
ویستم جارێ
خەونە گەرمەکانی هەرزەکاریم
ببینمەوە
ئاهـ
چەند تاسا بووم
گەڵای ئەو هەموو خەونانەم نەبینیبوو
کە زەرد هەڵگەڕابوون

به میچی ژورەکەمەوە.
دەمویست جارێ
ڕۆژمێرەکانی تەمەنم بخوێنمەوە
بەڵکو
چرایەک لە یادەوەریم
بۆ داگیرسێ
ئاه
ڕۆژمێرەکانم خاڵی خاڵی بوون
لە مانگ و ڕۆژ و ڕووداوەکان.
ویستم جارێ
دۆڵابی نامەکان بکەمەوە
گوزەرێ بەناو ئەو وشانەدا بکەم
کە بە نهێنی
نووسیبوویان بۆم
دڵدارەکان
ئاه
وشەکان یەک یەک
لە خاچ درابوون
ئێستاش خوێنیان لێ دەتکێ.
ئاه
چەند وەستاوە
کاتژمێری ژورەکەم
چەند تەنیایە ژیان
لە ژوورەکەم.



## چرکەساتی وەڕەزی

شەو وەک گێژەڵووکەی بێ قەراریی من
لە تەنیشتم ڕاکشاوە
چاوەکانم وەک دوو مەلی ئاوارە
بەسەر سنگی هەردوو تابلۆی ژوورەکەمدا
وەنەوز دەدەن،
لە پانتاییی یەکێکیاندا
ژنێک پێم پێ دەکەنێ
لەوی دیکەیاندا
پیاوێک بۆم دەگری.
خەو وەکو بێ ئۆقرەییی چاوی خەواڵووی ساوایەک
دێت و دەڕوا
من ئەمشەو بیرم لە ئەو دەکردەوە
لە مرۆڤە هەرە تەنیایەکەی ناخم،
نازانم چەند تاسەی دەکەم
هەودای خەیاڵ
جارێک، دوان، دەیان، سەدان و هەزاران جار
پسا،
نازانم چەند خۆشم دەوێ
دەفری ڕۆحم، جەستەم، دڵ و گیانم
جارێک، دوان، دەیان، سەدان و هەزاران جار
شکا.

## لەودیو پەنجەرەکانەوە

چەند چرا کز دەسووتێن
لەودیو پەنجەرەکانەوە،
پەردەکان نیوە دادراونەوە
دەرگاکان کونبڕ کراون
لە پەنجەرەی تەلارەکاندا دەبینم،
لە پەنجەرەیەکیاندا
پیاوێک دەبینم
سەری خستووەتە ناو دەستەکانی
ژنێک گۆڤاری "لەش جوانی"ی ژن
دەخوێنێتەوە
لە پەنجەرەی دووەمیاندا
دوو مرۆڤ دەبینم
شەراب دەخۆنەوە
لە قەراغیانەوە چەند مۆمێک دەسووتێن،
لە پەنجەرەی سێیەمدا
منالێک دەبینم
بۆ کەلوپەلی یاری کردنەکەی قسە دەکا
دایک و باوکێک لەولاوە
خەریکی خەرج ژماردنی مانگی داهاتوون.
لە پەنجەرەی چوارەمدا
پیرەژنێک دەبینم



تەقە تەقی فنجانە قاوەی
دەستی پیرێژنی پەنجەرەی چوارەم
لە ڕوانینی خستم.
نازانم لە هەزاران پەنجەرەی تردا
چی دەبینرێ.

## ماچە بارانییەکان

گوناهت کرد ئەم جارەشیان
دڵمت لەسەر پشتی شەپۆلەکان
دانا و
بە دەریات سپارد
کێ دەڵێ جارێکی تر
دەریا دڵی حەیاری من
نادزێ.
غەدرت کرد ئەمجارەشیان
بۆنی پەنجەکانمت بەخشی
بە با و باهۆز
کێ دەڵێ جارێکی تر
با بە دالآنەکانی جەستەمدا
هەڵناکا.
بێ شەرمیت کرد ئەمجارەشیان
ماچەکانی منت فرۆشت
بە ئاگر
کێ دەڵێ جارێکی تر
ماچێکی بارانی لە ئاگر ناکەم.



## یەکەم ڕۆژی بەفر

باڵا بەرز وەستاون،
چەند داری ڕووتەڵە
لەبەر هەیوانی ماڵەکەت،
بەفر لێوی زەویی داپۆشیوە و نەپۆشیوە
ئەم سپیاییە
توێژاڵی سەر لێوی مناڵێکی پێ پەتی
ئەفریقا.. سۆماڵیا.. جیهانت دێنێتەوە یاد.
خلۆرت کردنەوە چاوەکان
بە تەلانەکەی ئەوبەردا،
ونت کردن چاوەکانت
لەناو گەڵا و پووشی ژێر قەدی دارەکان
بردیانیەوە بۆناو باوەشی خەمێک
گەڵا بەفرینییەکانی چاو ڕفێن.

باڵابەرز وەستاون،
چەند ڕۆژی سەر بەتەم
لەبەر هەیوانی ماڵەکەت
شۆڕت کردنەوە دەستەکانت بە ناویاندا
چرۆی پەنجەکانت وەرین
لە باڵەخانەی ڕۆژە تەماوییەکاندا.

بالاَ بەرز وەستاون
بیست و شەش کۆتری باڵکراو
لەبەر هەیوانی ماڵەکەت
چەندە دڵتەنگی بە ماڵی بوونیان.



## دیداری دوای ١٢ ساڵ

دیارنەبووی
قەدەرعەیامێک،
دادەباری
ئەم ئێستا بەرێژنە
بەسەر بیابانی ڕۆحی منا.

چەند دڵم بەدواتەوە بوو
نەمدەزانی
ڕۆژێ دادێ
بە دوو لاقی ئاسنینەوە
بە دوو دەستی لە تەختەدراو
بە کەمەرێکی شکاوەوە
دێیتەوە لام،
نەمدەزانی
وەکو یەکەم ماچی عیشق
لێواولێو دەبێ
پێدەشتی چاوەڕوانیم
لە ئۆغژنی سەما.

ئەم دوو خانمانە چین لەگەڵتا
باوەڕ ناکەم

تۆ لەگەڵ گوناها بخەویت،
من لە خەونیشا بێت
دەمهەوێ ماچت کەم
بە دوو لاقی ئاسنینەوە
بە دوو دەستی لە تەختەدراو
بە کەمەرێکی شکاوەوە.



## دژەکان

دژە ڕەنگی
دژە بۆنی
دژە چێژ
کاسەی سەرت
لە ئەندێشەی خاپورکردن لێوڕێژ.

ئەم ئێستا
گرمۆڵە بووە شار
وەک پەرەسێلکەی ڕەقهەڵاتووی چارەنووس
وەک دڵی شەختەلێدراوی تۆ،
چیت دەوێ تۆ لە شار
دژە ڕەنگی
دژە بۆنی
دژە چێژ.

ئەم ئێستا
تکەتکە
دەتکێتە سەر خەواڵوویی بەیان
بارانی تەمەنی مناڵانی شەو،
سەراسیمە وەستاون
پۆل پۆل لاوەکانی شار،

پیرێک دەستی منالێتی گرتووە و
دەگری
گەنجێک باوەشی کردوە بە پیریەتیدا و
پێ دەکەنێ
ژنێ خۆی شەلاڵ کردووە لە هەتاو و
دەتاریکێتەوە.

دژە ڕەنگی
دژە بۆنی
دژە چێژ
ئەم ئێستا
ڕۆحی شار دەکوژی.



## تابلۆ ناتەواوەکان

وێنەی یەکەم:
هیچتانم خۆش ناوێ
تۆ ئێواران زوو پەردەکان دادەدەیتەوە
ئەویشیان درەنگ،
تۆ کەم لە پەنجەرەکانی ڕۆحمەوە دەڕوانی
ئەویشیان زۆر،
بەرگەی ئەو هەموو شەڕانەی تۆ ناگرم
ئاشتییەتیی ئەویش دەمکوژێ،
لەنێوان شەڕی تۆ و
ئاشتیی ئەودا
خۆشەویستیم ون کرد.
وێنەی دووەم:
کاڵ دەچنەوە پێکەنینەکانی چاوی
خەریکە دەمرن ئۆغژنەکانی نەوازش،

ئەمشەو چەند ڕەکات گوناهم کرد
پاڕامەوە:
خوایە! با نەیبات باوەشەکانی
مەودا چاوەکانی هەڵنەوەرێنێ
زەمەن خۆشەویتییەکەی پیر نەکات.

وێنەی سێیەم:
پیاوێکم خۆش ویست،
بە دوو چاوی گەرم
ڕۆژێکی فێنک هات بۆ لام،
بە دەستی پڕ تاسەوە
ڕۆژێکی گەرم جێی هێشتم.

وێنەی چوارەم:
درەنگ فێربوویت خۆشت بوێم
تازە ڕیزە قەتارەی نەوازشەکان
لێت تێ پەڕین،
زۆر جار
لە چەند ئێزگەی گیانت وەستان
نە دەستەکانی تۆ دابەزین
نە ڕۆحی منیش وەرێ کەوت.

وێنەی پێنجەم:
جارێکیان تۆم خۆش ویست
جارێکیشیان پەشیمانی
ئێستا
لە ناو ئێوەدا
ئەوم خۆش دەوێت.



## نهێنییەکانی دارستان

نهێنیی یەکەم:
لەو دارستانە ڕەشەدا
خوایەکی نەخۆش
خەونی ناخۆش
دەبینێ.

لەو دارستانە قوڵەدا
گەڵاکان زەرد هەڵگەڕاون
باڵندەکان باڵکراو
خاک بۆنی مەرگی لێ دێت.

خوا تەنیا دەژیت
لەو دارستانە
خنکاوە دووردەستەدا!

نهێنیی دووەم:
دەرگاکانی ئەم دارستانە
هەر بە ڕووی شەودا دەکرێنەوە،
هەزاران چرای کلیلم داگیرساند
تا دەرگایەک بە ڕووی ڕووناکیا واڵاکەم.

نهێنیی سێیەم:
هەموو چرکەیەک
ملیۆنان هەناسە بەسەر ئەم ڕێگایەدا
گوزەر دەکەن
تێ دەپەڕن لە ئەو،
هەزارانیان
کاڵ و وەنەوشەیی دەچنەوە
هەزارانیشیان
ڕەش و سپی دەرەونەوە،
هەناسەیەکی وردیلە
بەلایدا تێپەڕی و
لێی پرسی:
کەی تەواو دەبێ ئەم ڕێگایە؟



## کەی دەمسەوزێنی؟

شێتانە ڕۆح دەسووتێ بۆت
ئەی تەواوییەتیی من
شێتانە ئارەزووت دەکا
ئارەزووی دیداری ڕۆحت
دەستەکانت
گیانت.
ئەو هەموو سەوزاییە چییە لێت هاڵاوە
ئەی سەرگەردانییەتیی من
ئاشقانە تامەزرۆی ڕوانت
لەسەر پێدەشتی دڵ
گیان
پەنجەکان دەکەم.
کەی دەمسەوزێنی بە ئاوی ڕۆحت
ئەی تەواوییەتیی سەرگەردانیی من.

## کە گوڵەکانم دەفرۆشت

بەیانیت باش
پێی وتم
جووتە چاوە مەنگەکانی بەرامبەرم،
بەیانیت باش،
لق و پۆپی سەوزی دەستەکانی
سێبەریان بۆ کردم.



## کیسەکەڵەکانتم خۆش دەوێت

کیسەڵەکانتم خۆش دەوێ
لە ڕەقاییی پشتیان ژیان دەڕوێ
چاوی مەستی ئەسپەکانتم خۆش دەوێ
ڕۆحی منالاّن گەرم دەکەنەوە
بەفری چیاکانی مەڵبەندی ئەسپ و کیسەڵەکانم خۆش دەوێ
جێ پێیکانت لەوێ بەجێ دەمێنن
کامێرا وردبینەکەی چاوتم خۆش دەوێ
خەریکە ئاسکەکانی ڕوانین دەستەمۆ دەکا
شەیداییی من بە سینەما دەکا.

## له گێژاوی ئەگەری نەخۆشیی تۆ...

بۆنت دەکەم
لە ناو شادەماری ڕۆحما بۆنت دەکەم
لەمست دەکەم
لە ناو گەرماییی چاوەکانما
لەمست دەکەم،
ئەو هەموو مانگ، هەفتە، ڕۆژ و چرکانەم
بۆ وەسەریەک ناخرێنەوە
لە نیگەرانیی خوێنما
بارانێک فرمێسک دەڕژێ
لەمست دەکەم
بۆنت دەکەم،
قەت مێژوو تەمەنی ئەوەندە کورت نابێ
وێڕا نەگەین یەکترمان خۆش بوێت
نەزری تۆی دەکەم
چاوەکانم، باڵی سپیی شیعرەکانم
خۆم دەبمە نەزری
سەرگەردانی دڵۆپە بارانی ڕۆحت
هەرا و هۆریای زمانت
شەپۆلە نەرمەکانی چاوت.



## سبەینێ

چاو تاریکیی شەو دەپۆشێ
ئاسمان چرای خۆی لە نوێوە داگیرساندەوە
بەسەر حەوسەڵەی وڵاتدا
بارانی ڕووناکی دەڕژێ.

دڵم لای سبەینێیە
ڕۆحم شەلاڵی هەتاو کەم
بیشۆمەوە لە گوناهدا
دەترسێم بەیانی قەت دانەیێ.

## خوێنی پشت پەردەی نارنجی

بۆ باجی ئەوەی پەردەکەت هەڵنەدەیتەوە
پێت دەڵێم خوێنی گوڵەکە لەکوێ ڕژا
خوێنی گوڵەکە
وەک پەردەی ژوورەکەت تەڕ بوو
وەک ڕۆحی دەفتەرەکەت گەرم،
گەر دەفتەرەکەت نەینووسێتەوە
پەردەکەت هەڵنەدەیتەوە
پێت دەڵێم
خوێنی گوڵەکە بۆ ڕژا
ڕژا
چونکە قەرەجێ تینوو بوو
ڕژا
دەڵێن پیاوێک خوێن بەری چاوی گرتبوو
ڕژا
دەڵێن گوڵە شەلاڵی عیشق بووبوو
ڕژا
گێڕایانەوە، گوڵە لە ژێر باراندا لەگەڵ ئاودا خەوتبوو
ئاویش پێی وتبوو:
کە من دەڕژێم هیچ ناقەومێ
کە دەڕژێی، خوێنی تۆیە داوێنی خوا دەگرێ.



خوێنی ئەو گوڵە بە شان و باڵی ئەو بەردەوەیە
کە بۆنی پیاوی لێ دێ.

پەردە تەڕە نارنجییەکەت هەڵمەدەوە
من دەمارم لێوڕێژن لە باران
خوێن قەت نارژێ.

---

تێبینی: ئەم شیعرە لەژێر کارتێکەریی چیرۆکی "ڕازی پشت پەردەی نارنجی"ی عەتا نەهایی نووسراوە.

## ستۆکهۆڵم

ستۆکهۆڵم
دەڵێی سیخە سەهۆڵێکە
بە سوێبانووی ئاسماندا
هاتووەتە خوار
تونێلی قەتار
پڕیەتی لە هاڵاوی قاوە
مێترۆ
بەیانی باشیان لێ دەکا،
ئەم دەم و چاوانە
چەند تێکچڕژاون
لەناو کاتدا
مێترۆ
ئیوارە باشیان لێ دەکا.



## پرچە تەڕەکانتم دەوێ

رووت بوونەوە دیسان پەرییەکان
من نیمە
تاقەتی گوناهێکی تر،
ئۆباڵی خۆیان بە ملی خۆیان،
من نیمە
حەوسەڵەی مردنێکی تر.
ئەم پەرییانە داوایان لێ کردم
ڕووت ببمەوە:
ڕووت ڕووت بە
لە بەرگ
لە ماسک
لە ڕوخسار
لە ڕق
لە شەرمنی
پێیان وتم.
من نیمە
چەک بۆ شەڕێکی تر.
ئەو پەرییانە جارێکی دیکەش فڕین
فڕین فڕین بۆ ناو چاوە شینەکانی ئاسمان
من نیمە
باڵی فرینی ئەوان

هۆباڵی من
بە ئەستۆی کێ؟

سەرپۆشیان لە چیا کردەوە
چیا پرچەکانی جوان بوون
لە قژەکانی مریەمی مەسیح دەچوون،
ئەم چیایە باڵا بەرزتر دەنوێنێ لە جاران
تۆ بڵێی سەرپۆشەکەی لەکوێ بێت،
من ئەو کات
بۆ سەرپۆشەکە دەگەڕام
تا پرچەکانم وەک چیا
سەوز
ڕەها
تەڕ
ئاشق
پڕ لە ژیان بکەم.
من هەمە
حەوسەلەی گوناهێکی تر.
«...»



## ماچە تاریکەکان

جانتاکەی شانم
پڕە لە وشەی ڕەنگاوڕەنگی ئارایشەکان
رستەیەک بۆن

لە بۆنی کچان
کوڕان
بۆنی کۆڵان و
جادەکان،
کوڕی باش!

ئەم گەرەکانەم بۆ لەگەڵ دەپێوی
تۆ بڵێی نەخشەی دۆزینەوەی ماڵتان
لەناو جانتاکەی مندا بێت،
نا......... باوەڕ ناکەم
جانتاکەی من
پڕە لە ماچ
ئەو ماچانەی
پیاوگەلێک خیانەتیان لێ کردن
پێش ئەوەی بەردبارانیان کەن
ماچگەلێک
بێ گوناهتر

خەسێندراوتر
لەماچە تەڕەکانی تۆ.

جانتاکەی شانم

لێوڕێژە لە ملوانکەی وەسوەسە
هەر رۆژە و یەکێکیان لە گەردن دەکەم
لێوڕێژە لە ئەنگوستیلەی گومان
هەر رۆژە و یەکێکیان لە پەنجە دەکەم.

کوڕی باش!

بۆ لە ناو هەنگاوەکانی منا غاردەدەیت
تۆ بلێیی زەرفە میوەی حەزەکانت
لەناو جانتاکەی مندا جێ مابێ
نا...... باوەڕ ناکەم
جانتاکەی من
پڕە لە ڕووناکی
ڕووناکیی ئەو شەوانەی لەگەڵ گوناهدا خەوتم
لەئاوێتە بوونی باراندا
لەگەڵ بادا جووت بووم
ڕووناکیی من
پڕە لە تاریکی



تاریکتر لە
پێکەنینەکانی تۆ
ئازادیی تۆ
تاریکتر لە تاریکی
جانتاکەی شانم
کوڕی باش.

## چاوە زیتەکانی نیشتیمان

پێم دەڵێن تۆ کچی شەڕی
وڵاتی تاریکایی
شیتاڵ شیتاڵ کراو
بێ کات و شوێن و رووداو
نازانی سەما بکەی
گۆرانی بڵێی
پێ بکەنی
وام پێ دەڵێن،
وا من قوڕقوراگەی قاقا
دەپێکەنینێنم لە رۆحما
بارانی گۆرانی دەڕژێنم
بەسەر گوڵە شێت سەماکەرەکانی جەستەما ،
پێم دەڵێن تۆ کچی ئاژاوەی
کچی نەفرەت
کوژراو
ئەتکراوی شەقامەکان.

وای لەمن
کە دڵم دێشێ، بۆ شەقامە ئەتکراوەکان
کوژراو
نەفرەت



ئاژاوە تێچڕژاوەکانی وڵات
وای لە من
کە گیانم دێشێ، بۆ وڵاتی
تاریکایی
هەزار جار شکاوی ژن،
وای لەمن
دەڕووناکێمەوە لە کۆڵان
ئازار
شەڕەکاندا
لەناو وردە شووشەی
چاوە زیتەکانی نیشتیماندا،
ئەی وڵات
کەی دەمسەوزێنی
لەناو دەستەکانتا
کەی دەمخەملێنی
لەناو غروورتا

# پێرست


دڵۆپێک لە هەتاو ........ 7
مێژووی بێدەنگییەک ........ 9
باڵەکانی ئەوین ........ 11
تەختە ڕەشەکان ........ 13
گوڵە یاخییەکانی ڕۆح ........ 14
ئایەتە شەیتانییەکان ........ 16
ئاژاوەی شەقامەکان ........ 18
دابڕان ........ 20
خەو ........ 21
هۆزەبانەی شەرمێک ........ 22
گوناه ........ 23
داتاشینی بزە ........ 24
——— ........ 25
پاکبوونەوە ........ 26
کێڵگەی مەحاڵ ........ 28
سەمفۆنیای تێپەڕین ........ 30
لێک ترازان ........ 32
هەناسەکانی ئاوابوون ........ 34
گوڵە قەقنەسییەکان ........ 36
بۆ قەیرەیەک ........ 38
بەسەرهاتێک ........ 39
زەنگی تەلەفۆن ........ 40
تاسە ........ 41
بەفرەخەون ........ 42
مردنێکی پەمەیی ........ 43
زەنگی کلێسا ........ 44
ساتێک ........ 46
چرکەکانی نیشتیمان ........ 47





لە سەدەی ٢١دا ........ 49
جاری جاران ........ 51
بو میلاقەی ناو منداڵدانم ........ 53
خەونی حەرامی عیشق ........ 54
سەر زەوی باڵندەکان ........ 55
ناونیشانی ماڵەکەمان ........ 56
گەمەی پەیوەندییەکان ........ 58
فانۆسەکانی غوربەت ........ 60
چەند جار ویستم پێت بڵێم ........ 63
ڕۆژمێرە بەتاڵەکان ........ 63
چرکەساتی وەڕەزی ........ 66
لەودیو پەنجەرەکانەوە ........ 67
ماچە بارانییەکان ........ 69
یەکەم ڕۆژی بەفر ........ 70
دیداری دوای ١٢ ساڵ ........ 72
دژەکان ........ 74
تابلۆ ناتەواوەکان ........ 76
نهێنییەکانی دارستان ........ 78
کەی دەمسەوزێنی؟ ........ 80
کە گوڵەکانم دەفرۆشت ........ 81
کیسەکەڵەکانتم خۆشدەوێت ........ 82
لە گێژاوی ئەگەری نەخۆشی تۆ.. ........ 83
سبەینێ ........ 84
خوێنی پشت پەردەی نارنجی ........ 85
ستۆکهۆڵم ........ 87
پرچە تەڕەکانتم دەوێ ........ 88
ماچە تاریکەکان ........ 90
چاوە زیتەکانی نیشتیمان ........ 93